# «پاڵنەری مەرگ» و ڕیشەی لە بیرکردنەوەی فرۆیددا



جان ۆلف بێرنستاین

و. دانا محەمەد

لە کۆتاییەکانی ژیانیدا، فرۆید دەبوو وایە بۆ خۆی و خوێنەرەکانیشی دانیپیابنێت کە: «من زۆر باش دەزانم تیۆری (دوالیستیانە)ی وەک **غەریزە (پاڵنەر)ی مەرگ** یان وێرانکاری یان شەڕانگێزی، خواستی بەرقەراربوونی هێزێکی هاوسەنگ دەکەن لەگەڵ هاوبەشەکەی **ئیرۆس(غەریزە یان پاڵنەری ژیان)** کە لە لیبیدۆدا خۆی بەیاندەکات، هەرچەند ئەمە کەمێک هاوسۆزی خولقاند، لە ڕاستیدا، نەبووە جێی ڕەزامەندی لەنێو دەروونشیکاراندا» (freud,1937). فرۆید هەستی بە دەستبەداربوون و هەڵەتێگەیشتن دەکرد لەلایەن زۆرینەی شوێنکەوتووەکانی و هاورێکانی وا کەمێک حەزی تیا بەدیدەکردن لە چەمکی پاڵنەری مەرگ و ژیان، ئەو زۆر دڵخۆش بوو بە دۆزینەوەی (هاوبیرێک)ی فەیلەسووف- بیرمەند لە فیگەرەکانی فەلسەفەی یۆنان، لەوانەش ئیمپیدۆکلیس[1](کە 495 پێش زاین لەدایکبووە). ئەم فەیلەسووفەش، بەهەمان شێوە[...] فێریکردووین کە دوو پرەنسیپ، ڕووداوەکانی ژیانی دەروونی و دەرەوەی دەروون(جیهان) بەڕێوەدەبەن و لە جەنگێکی هەمیشەییدان دژ بە یەکتر. ناوینابوون: «عەشق و جەنگ[2]». ئەو پێیوابوو، ئەم دوو هێزە لە بنەڕەتدا "دوو هێزی سرووشتیین وەک غەریزە(پاڵنەر) کار دەکەن و بە هیچ جۆرێک سەروکاریان لەگەڵ عەقڵێکدا نیە کە ئامانجێکی ئاگایانەی هەبێت. یەکیان هەوڵی کۆبوونەوەی تەنۆلکە سەرەتاییەکانی چوار توخمەکە دەدات بۆ درووستبوونی یەکێتییەکی یەکپارچە، لە کاتێکدا ئەویتریان بەپێچەوانەوە، هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی هەموو یەکگرتنێک و جیابوونەوەی تەنۆلکە سەرەتاییەکانی چوار توخمەکە دەکات. ئیمپیدیدۆکلیس جیهان(گەردوون)ی بە ڕەوتێک دەزانی کە بەردەوام

---

[1] empedocles

[2] Love and war

دەگۆڕێت و پچڕان لە قۆناغ و چرکەساتەکانیدا نییە (Ibid, p,246).

فرۆید زۆر دڵخۆش بوو بە دۆزینەوەی لێکچوونی زۆر لە نێوان فەیلەسووفە گەورەکانی یۆنان[3] و دوایین تیۆری فراوانی خۆی دەربارەی پاڵنەری مەرگ، وی لە 1937 جەخت لەوە دەکاتەوە کە: « [...] هەردوو[عەشق و جەنگ] لە ڕووی ناو و کارکرد-ەوە، هاوشێوەی دوو پاڵنەرە بنەڕەتییەکەی ئێمەن، ئیرۆس و وێرانکاری، یەکەمیان هەوڵی **یەکگرتنی** ئەوە دەدات کە بوونی هەیە لە پێناو یەکێتییەکی گەورەتردا؛ دووەمیشیان هەوڵی (**هەڵوەشاندنەوەی**)ی یەکێتی و (**لەناوبردن**)ی پێکهاتەکەی دەدەن وا شکڵی پێبەخشیوە(Ibid, p.246). لە شیکاری کۆتا و ناکۆتا[4](1937)، یەکێک لە دواهەمین دەقە کلینیکییەکانی، فرۆید دەنوسێت کە چیتر «گەڕان بۆ چێژ» کافی نییە بۆ شیکردنەوەی دیاردەکانی چەشنی کاردانەوەی نەرێنی بەڕووی چارەسەردا، ماسۆشیزم، هەست بەتاوانکردنی نەستەکییانە؛ بەڵام هێزێکی تر وا فرۆید پێی دەڵێت "دەسەڵات" بوونی هەیە، کە بەهۆیەوە ناوەڕۆکی دیاردەی خۆئازاردان-خودوێرانکاری، ڕووندەکاتەوە. لێرەدا دیسان وتەیەکی فرۆید وەردەگرم: «ئەم دیاردانە بەڵگەی ڕوونن لەبۆ دەسەڵاتێک لە ژیانی دەروونی کە ئێمە ناویدەنێین (پاڵنەری شەڕەنگێزی یان وێرانکاری) [5]

---

[3] فرۆید گەلێک سوپاسگوزار و قەرزارباری کارەکانی ئیمپیدۆکلیسە، پێمواییە لەو فاکتەوە سیمبولیزە دەبێت کە ئەو چوار توخمەی ئیمپیدۆکلیس باسی دەکات"زەوی، هەوا، ئاگر و ئاو" گرنگییەکی زۆر وەردەگرێت لای فرۆید، کاتێک لە ژووری چاوەڕوانی فرۆید دا چوار وێنەی هەڵکۆڵراو نەخشینراوە لەسەرەوەی"کورسی چاوەڕوانی".(پەراوێزی نووسەری بابەت)

[4] Analysis terminable and interminable

[5] Aggression شەرانگێزی: پاڵنەری مەرگە کە ئاراستەی دەرەوە دەکرێت. Destructive وێرانکاری: بریتییە لە پاڵنەری مەرگ کە لەناو دەزگای دەروونیدا چالاکە. سەرچاوە: (پەراوێزی ئەودیو پرەنسیپی چێژ، دەروونشیکاری تایبەت بە فرۆید. وەرگێرانی: شێروان ئیبراهیم)

، بەگوێرەی ئامانجەکەیان، سەرچاوەکەی دەگەڕێنینەوە بۆ ڕەسەنێتیی پاڵنەری (مەرگ)ی مادەی زیندوو. کێشەکە لە پرسی ئەنتیتێزی نێوان (گەشبین و ڕەشبین)ی تیۆری ژیان نییە».(Ibid, p.243). بەڵکو لەوێوەیە، کاتێک پێشبینیی زۆر ناخۆش دەخاتەڕوو: «[...]تەنیا بەهۆی چالاکیی دژیەکی هاوکات یان لێکجیانەبووەیەی نێوان غەریزەکانی ئیرۆس و مەرگ، دەتوانین فرەچەشنی دیاردەکانی ژیان، ڕوون بکەینەوە، هەرگیز بە تەنها پاڵنەرێک یان بەتەنها ئیشکردنی پاڵنەرێک، قابیلی تێگەیشتن نین.»(Ibid, p.243). هەرچەندە فرۆید لە کۆتاییەکانی 1920 بە فەرمی ئیرۆس(پاڵنەری ژیان) و تاناتۆس(پاڵنەری مەرگ)ی خستەڕوو، بەڵام ئەم تیۆرە پێشینەییەکی فراوانی هەیە لە نووسینەکانی هەوەڵینی خۆیدا کە پەیوەندییەکی نائاسایی هەبوو بە پاڵنەری مەرگەوە. بە گوێرەی فرۆید، ئیرۆس بەدوای یەکبووندا دەگەڕێت لەگەڵ ئۆبێکتێک، کەوایە ڕووی لە ئۆبێکتە و زۆر جیاوازە پاڵنەری مەرگ کە هەوڵدەدات بۆ گەیشتن بە دۆخی«بێ گرژی». «ئیرۆس، پێکەوەبەستنە بۆ بنیاتنانی یەکێتییەکی گەورەتر و نەوە(وەچە)ی پاڵنەرە سێکسییەکانە، ژیان و ژینباوەڕی دەپارێزێت. ئیرۆس، کاردەکات لەپێناو درێژکردنەوەی ژیان ڕووی وەردەگێڕێت بەرەو ئۆبێکتی عەشق»[6]. لەلایەکی ترەوە، پاڵنەری مەرگ هەوڵ بۆ دۆخی بێگرژی(نیرڤانا)، تواندنەوە و وێرانکردنی پێکهاتەی زیندوو دەدات. ئەم هێزە هەڵدرە،

---

[6] ئیرۆس (و سێکسوالیتە) بریتییە لە جۆرێک پێچخستنە نێو مەرگ. ئیرۆس ژیانی ڕەها و پڕاوپڕ نییە، بەڵکو لادانە لە تاناتۆس. بە مانەیەکی تر، ئێمە لە جیاتی دوو پاڵنەری سەرەکی بە تەنیشت یەکترەوە، پاڵنەرێکی سەرەکی و لقێکمان هەیە کە لەم پاڵنەرە سەرەکییە کەوتوونەتەوە. زۆپانچیچ دەنووسێت: «لێرەدا هیچ کێبڕکێ و ململانێیەک لە ئارادا نییە: ژیان بریتییە لە ڕێچکەیەکی پێچاوپێچ بەرەو مەرگ، پاڵنەرە کۆنە پارێزەکان ئەم ڕێڕەوە دەبڕن، واتە لەگەڵ ئەم ڕێرەوە یەکێکن، لێی جیا نین. سەرچاوە:« پاشکۆی لەوئەودیو پرەنسیپی چێژەوە، وەرگێڕانی: وەلید عومەر»

تێدەکۆشێت لەپێناو دۆخی خامۆشی ئەبەدی و گەڕانەوە بۆ مادەی نازیندوو. وەک ئەوەی دواتر ڕووندەبێتەوە، پێشینەی چەمکی پاڵنەری مەرگ، دەگەڕێتەوە بۆ تیۆری پێشووتری، پاڵنەرەکانی خۆپاراستن[7] کە بە سرووشت؛ ئیگۆسەنتەر و نارسیست(خودئەڤین)ن و ڕووەو ناوەوە ئاراستەدەبێت، بە مەبەستی پاراستنی خود(ئیگۆ). بۆیە بە شێوەیەکی دژیەکییانە «پاڵنەرەکانی ئیگۆ دواتر لقێکی لێجیادەبێتەوە[8] و دەبێتە پاڵنەری مەرگ[9]» کە پێشووتر، ئەم لقە جیابووەوە، لیبیدۆی دەخستەگەڕ. بەم جۆرە پاڵنەرەکانی خۆپاراستن بەشێوەیەکی سەرنجراکێش زەنگێک بوون بۆ بیرۆکەی یەککگرتنی تایبەتمەندیەکانی پاڵنەری مەرگ و ژیان[10] کە دواتر لاکان، لە ڕێی چەمکی (ژویسانس)ەوە بە ڕوونبێژی دەریدەبڕێت. ئایدیای گەڕانەوە بۆ دواوە، گەڕاندنەوەی دۆخی پێشیین کە دەرخەری خواستی دەروونە بۆ کەمکردنەوەی گرژی، مێژوویەکی درێژی هەیە لە دەروونشیکاری. پێشتر و لە "پرۆژەی دەروونناسیی زانستی" 1895، فرۆید دەنوسێت: «ئامانجی دەروون، کەمکردنەوەی وروژانەکانە تا ڕادەی دۆخی سرەوتن(نەجوولان)». هەروەها دەنوسێت: «مەعریفەیەکی سنووردارمان هەیە لەبارەی خواستی ژیانی دەروونی کە بەرەو دورخستنەوەی ژان هەنگاوبنێت، کۆشش دەکەین بۆ

---

[7] Self-preservative drive .

[8] کردارەکانی پاڵنەری مەرگ ڕووەو مەرگ هەنگاودەنێن. بەڵام پاڵنەری خۆپاراستنیش بەشێکن لە پاڵنەرەکانی ئیگۆ. بۆیە دەبێت بزانین دوو جۆری جیاواز لە پاڵنەری ئیگۆ هەن، هەندێکیان لیبیدۆین(وەک پاڵنەری خۆپاراستن)، ئەوانی دیکە ڕووەو مەرگ هەنگاودەنێن. سەرچاوە: (ئەودیو پرەنسیپی چێژ، دەروونشیکاری تایبەت بە فرۆید، وەرگێرانی: شێروان ئیبراهیم)

[9] ماسۆشیزم نموونەیەکە بۆ ئەم لقە جیابووەوی پاڵنەرەکانی ئیگۆ، لە ماسۆشیزم دا، شەرانگێزی کە دواتر دەبێتە بەشێکی پاڵنەری مەرگ، ئاراستەی ئیگۆ دەکرێت.

[10] زۆپانچیچ بەهۆی پارچەیەکی نووسراوی فرۆیدەوە، چەند ڕاستییەکی بنچینەیی نێو نەریتی دەروونشیکاری فرۆیدی/لاکانی دەخاتە ڕوو وەک: ١) پاڵنەرەکانی ژیان و خۆپاراستن ناتوانن لە ڕەچەڵەکی دێرینی خۆیان دووربکەونەوە کە مەرگە، ئەوەی هەیە لادانی کاتییە لەو.

ناسینی ئەم خواستە لەگەڵ ئەو ئامانجە بنەرەتییەی ڕووەو سەرەوتنی تەواوەتییە»(1895, p.297). لە لایەکی ترەوە، لە لێکدانەوەی خەونەکانیش[11](1900)، هەردوو بیرۆکەی "گەڕانەوەی هێزێکی ئەهریمەنی لە خەونی شەواندا" و "ماتەوزەی خەونەکان بۆ گەڕاندنەوەمان بۆ کەلەپووری ڕابردوو"، ئاماژەیەکی گرنگن بۆ سرووشتە کۆنەپارێز و (پاشقەچوو)ەکەی پاڵنەری مەرگ کە ئەوکاتە، لە بیری فرۆیددا، تازە چرۆیدەکرد. فرۆید دەنووسێت: «ئەو فاکتەی کە خەونەکان، توانایەکی نائاساییان هەیە بۆ مانەوەیان لە یادەوەریدا و دەتوانن خۆیان بخزێننە نێو ناواخنەکانی منداڵی، یەکێکە لە گرنگترین بنەماکانی فێرکارییەکەمان. تیۆرەکەی ئێمە، گرنگی بە ئارەزووەکانی منداڵی دەدات کە هاندەرێکی زۆر پێویستن بۆ درووستبوونی خەون». کەوایە ئێمە لە دەقەکانی ئەوەڵینی وەک **پرۆژەی دەروونناسی زانستی** و **لێکدانەوەی خەونەکان**، تیایدا، کۆمەڵە بیرۆکەیەک دەبینین کە بەشێکی گرنگی بیرکردنەوەی پێشووتری فرۆید پێکدێنن و ڕێخۆشکەری تیۆری پاڵنەری مەرگن وەک پاراستنی دەروونی[پاڵنەرەکانی ئیگۆ]، کۆنەپارێزیی پاڵنەرەکان، گەڕانەوە بۆ دۆخی پێشینەی ڕووداوەکان و پاڵنەرێک کە دەیەوێت بگەڕێتەوە بۆ «پرۆسە سەرەتاییەکان[12]»ی بیرکردنەوە. لە "سێ وتار دەربارەی تیۆری سێکسوالیتە[13] "(1905)، فرۆید تێگەیەکی نوێ

[11] Interpretation of dreams

[12] Primary process: ئەو پرۆسانەن لە نەست یان ئید دا ڕوودەدەن، کۆمەڵە یاسایەک پەیڕەو دەکەن پێچەوانەی ئەو یاسا لۆژیکییانەن کە لە ناوچەی ئاگایی و پێش ئاگایی باون. بۆ نموونە لە نەست-دا دژییەکەکان کۆدەبنەوە، پێچەوانەکان وەکو هاوتای یەکتر بەکاردێن. گرنگترین یاسا لە نەستدا بریتییە لە «چڕکردنەوە» و «جێگۆرکێ».سەرچاوە: (دوو دەستە لە پاڵنەر، زیگمۆند فرۆید، دەروونشیکاری تایبەت بە فرۆید. وەرگێرانی: شێروان ئیبراهیم)

[13] Three essays on the theory of sexuality

پێشکەشدەکات، بە لەپێشتردانانی پاڵنەر بەسەر ئۆبێکت، ئارگومێنتی ئەوەی هێنایەوە کە قۆناغێکی سەرەتایی لە خود-ئیرۆتیکی[14] دا، بەدیدەکرێت کە پاڵنەرێک ئاراستەی ئۆبێکتەکانی تر ناکرێت بەڵکو ئاراستەی جەستەی خودی منداڵ دەکرێت وەک شوێنی چێژوەرگرتن[15]. لە هەمان دەقدا، بۆ یەکەمجار ئاماژە بە ئایدیای پاڵنەرەکانی خۆپاراستن دەکات، کە پێشینەی پاڵنەری مەرگە، هەروەها ئەو بیرۆکەیەی خستەڕوو کە چالاکییە سێکسییەکان(دواتر دەبنە ئیرۆس)، خۆی دەنوسێنێت بە کارکردی خۆپاراستن و دواتر لێی جیادەبێتەوە. بە مانایەکی تر، ئارگومێنتێکی بنچینەیی، پێشکەشدەکات، لەبارەی ئەوەی «سێکسوالیتەی منداڵ خود-ئیرۆتیکە و پاڵنەرە سێکسییەکان لە کۆمەڵێک ناواخنی بەشەکی، پارچەپارچە پێکدێن کە ڕەپتیان پێکەوە نیە و جیان لە یەکتر، بە شێوەیەکی ئەبستراکت بەدوای چێژ-ەوەن». دۆزینەوەی ئۆبێکت لە جیهانی دەرەوە لەپێناو چێژوەرگرتن و یەکانگیری، دۆزینەوەی دواتری فرۆیدە. بە مانایەکی تر، هەوڵدان لەبۆ بەردوامبوونی ژیان، پەیوەستبوونەوە، یەکخستن، یەکێتی- هەموو ئەمانە خەسڵەتی دواتری ئیرۆسە لە بیری فرۆیددا، لە پاش پاڵنەرەکانی خۆپاراستنەوە گەشەیکردووە، پاڵنەرەکانی خۆپاراستن-یش، پێویستن بۆ چاودێریی مانەوە و ئەو ئەزموونانەی وا دەبنە هاندەری پشتبەخۆبەستن و خۆپاراستن[16]. پاڵنەرەکانی

---

[14] Auto-eroticism

[15] لە کتێبی «کێشەی ئابوریی ماسۆشیزم»، فرۆید ئەوەی دۆزییەوە کە سرووستی ئیرۆتیکی ماسۆشیزم راڤەیەکی باشتر پێشکەشدەکات بەراورد بە ورووژاندنی سێکسی. ماسۆشیزمی سەرەتایی سرووشتێکی ئیرۆتیکی هەیە چونکە پاڵنەری مەرگ دەبەستێتەوە بە لیبیدۆوە.سەرچاوە: (ئەودیو پرەنسیپی چێژ، دەروونشیکاری تایبەت بە فرۆید. وەرگێرانی: شێروان ئیبراهیم)

[16] Fight and flight: ترس و راکردنی غەریزیانە یان بایلۆژیانەش دەگرێتەوە کە لە حاڵەتی مەترسیدا کارا دەبێت.

خۆپاراستن، بەتێپەڕبوونی کات، خەسڵەتێکی زیاتری لیبیدۆمەندانەی وەرگرت لە بیری فرۆیددا و زیاتر پەیوەست بووە پاڵنەری مەرگ. لە وتاری کەم ناسراوی وەک "تێکچوونە دەروونییەکانی بینین[17]"(1910) سەرەنجام فرۆید، پاڵنەرەکانی بە دوو ناوی دژیەک خستەروو: پاڵنەرەکانی خۆپاراستن و پاڵنەرە سێکسییەکان. وی دەبێژێت کە ئەم دوو پاڵنەرە ناتەبان و لە ململانێدان لەگەڵ یەکتر. ئەو دەنوسێت: « بۆمان دەرکەوت، هەموو پاڵنەرێک هەوڵدەدات خۆی کارا بکات لەرێی چالاککردنی ئەو بیرۆکانەی وا هەماهەنگن لەگەڵ ئامانجەکەیان. ئەم پاڵنەرانە تەبا نین پێکەوە، حەزەکانیان دەکەونە نێو ململانێوە. ... لە گۆشەنیگای هەوڵە شیکارییەکەمان، بەشێکی گرنگ و تایبەت کە ناتوانین نکۆڵیی لێبکەین، بەرامبەرکێی نێوان پاڵنەرە سێکسییەکان کە چێژی سێکسی دەستەبەردەکات و پاڵنەرەکانی ئیگۆیە کە ئامانجی خۆپاراستنە»(1910 ,p.213-14). بەڵام تەنها لە دەقە ڕەسەنەکەی "دەروازەیەک بۆ خودئەڤینی[18]"(1914)، فرۆید ئایدیای پاڵنەرەکانی خۆپاراستن و پەیوەندیی پاڵنەر بە ئۆبێکتەوە[19]، فراواندەکاتەوە؛ پاڵنەرەکانی خۆپاراستن دەبنە «پاڵنەری نارسیستی»، ئەمەش هەندێ دۆخی باو دەگرێتەوە وەک «نووستن، خەوبینین، نەخۆشکەوتن، پرۆسە سەرەتاییەکانی بیرکردنەوە»[20] بەمانەیەکی تر، ئەو دۆخەیە کە دەچینەوە بۆ هێلانەکەمان بۆ بەجێهێنانی فرمانەکانی زیندوومانەوە، تا بەم جۆرە بمانپارێزێت لە زیانەکانی

---

[17] psychogenic disturbance of vision

[18] On narcissism. بۆ زانیاریی زیاتر دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ نامیلکەی «دەروازەیەک لە خودئەڤینی(نەرجسیەت)، زیگمۆند فرۆید، وەرگێرانی: وەلید عومەر، ڕەهەند ٢٠٢٠»

[19] Object-related drives

[20] خودئەڤینی، هۆکاری دینامیکیی زۆرێک لە تێکچوون و نۆرماڵنەبوونە دەروونییەکانە(وەک شیزۆفیرینیا، لادانی سێکسی، هاورەگەزبازی، هایپۆکۆندریا). «پێشەکیی دەروازەیەک لە خودئەڤینی(نەرجسیەت)، وەرگێرانی: وەلید عومەر»

دونیای دەرەوە. فرۆید وەک بەرامبەرکێی پاڵنەرە نارسیسیتییەکان، پاڵنەرە سێکسییەکانی- پەیوەست بە ئۆبێکت دەخاتەڕوو، تێیدا، ئیگۆ، خەرجەوزەی دەروونی[21] دەگوازێتەوە لەبۆ دونیای دەرەوە و لەسەر ئۆبێکتی دەرەکی، خاڵیی‌دەکاتەوە؛ **بەو جۆرەی لە حاڵەتی عاشقبووندا ڕوودەدات، لەم دۆخەدا سوبێکت هەموو سەرمایەگوزارییە لیبیدۆیەکەی، دەبەخشێتە ئۆبێکت، و ئیگۆ هەژاردەبێت.** لە کاتێکدا لە حاڵەتی نەخۆشکەوتن، سەرمایەگوزاریی لیبیدۆ لەسەر ئیگۆ دەکێشرێتەوە و سوبێکت بە تەنیا گیرۆدەی خۆی دەبێت. فرۆید دەربڕینێکی بەناوبانگی هەیە لە "دەروازەیەک بۆ خودئەڤینی[22]": «[...] لەڕاستییدا، تاکەکەس دوو بوونی‌مرۆیی[23] هەڵگرتووە، یەکیان دیزاینکراوە بۆ خزمەتی ئامانجەکەی خۆی (پاڵنەرەکانی ئیگۆ) و ئەویتر وەک ئەڵقەیەی نێو زنجیرەیەک کە کاردەکات لە پێناو بەدەستهێنانی خواستی پاڵنەرە سێکسییەکان. **وەک دوواهەمین پەناگە، دەبێت دەست بە خۆشەویستی بکەین بۆئەوەی نەخۆش نەکەوین، ئەگەر ڕێگا بەخۆمان نەدەین عاشق بین ئەوا نەخۆش دەکەوین»**(p.85, 1914). ساڵی دواتر 1915، بێجگە لە بونیادی هیستریا و وەسواسی[کە بونیادی سەرەکی عوسابین]، فرۆید بونیادیکی تری داڕشت بەڵام 1917 بڵاویکردەوە، لە دوای لێکۆڵینەوەیەکی زۆر لەگەڵ قوتابخانەی سویسری، فرۆید لە 1917 «بونیادی مالیخۆلیا»ی پەرەپێدا و دەقی "ماتەم و مالیخۆلیا[24]"ی بڵاوکردە. لە مالیخۆلیادا، سوبێکت

---

[21] Cathexes

[22] خودئەڤینی قۆناغێکە لە پەرەسەندن و کامڵبوونی دەروون. خودئەڤینی، قۆناغێکی هەرە گرنگە لە ژیانێکی عاشقانەی ڕێک و دەروونددرووستانە و نۆرماڵ. خود ئەڤینی، لە ڕێکخستنی عیزەتی‌نەفس و ڕێز لەخۆگرتندا ڕۆڵێکی کارای هەیە. «پێشەکیی دەروازەیەک لە خودئەڤینی(نەرجسیەت)، وەرگێرانی: وەلید عومەر»

[23] existence

[24] Mourning and melancholia

هاوشوناس دەبێت لەگەڵ ئۆبێکتی لەدەستچوو[مەعشوق]، خۆی دەبێتە ئۆبێکتی لەدەستچوو و هەڵدەگەڕێتەوە/دەکەوێتەوە بەسەر خۆیدا، خۆی دەشارێتەوە لەنێو دۆخێکی زێدەنارسیستی کە ئاراستەکەی بەرەو خودوێرانکاری و گۆشەگیرییەکی خۆنەویستانە. ئەویتر ناتوانێت دەرگیری[کەسی مالیخۆلی] بێت، چونکە (مێژوونامەی نەخۆشی[25])ی کەسی مالیخۆلی پەیوەندییەکی نزیکی بە دەروونپەشێوی(سایکۆسیس)-ەوە هەیە، کە هێندە قووڵ گیرۆدەی ئازارەکانیەتی، دەستبەرداری پەیوەندییەکەی بووە بە جیهانی دەرەوە و پێشی کەوتووە، تا ئەو ڕادەیەی خۆی دەخاتە بەر مەترسیی مەرگ. دەقێکی تر، کە گرنگییەکەی لە "لەودیو پرەنسیپی چێژەوە[26]" زیاترە بۆ ئارگومێنتەکەم، دەقی "غەریبە[27]"یە(1919). فرۆید لەم دەقە، بیرۆکەی «هێزە ئەهریمەنیەکە» زیندوودەکاتەوە کە لە لێکدانەوەی خەونەکان وەسفی کردبوو، بەڵام ئێستا بەڕوونی و بەتوندی، ڕەپتیدەکاتەوە بە ئایدیای «دووبارەکردنەوەی ناچاری»یەوە، کە دواتر بایەخێکی زیاتر وەردەگرێت لە "لەودیو پرەنسیپی چێژەوە". لە 1919 دەنوسێت: «[...] لەبەر ئەوەی، مومکینە هەژموونی ناچارییانەی نەست، لەبۆ دووبارەکردنەوەی چالاکیی هاندەرە غەریزییەکان(پاڵنەرەکان) بناسینەوە،

---

[25] pathography

[26] Beyond the pleasure principle. ناونیشانی کتێبەکەش، «لەوئەودیو پرەنسیپی چێژەوە»، ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە کۆمەڵێک پاڵنەری مەرگ هەن لە هەوڵدان گرژییە دەروونییەکەی مرۆڤ بگەڕێننەوە بۆ ئاستی سفر و بوونەوەری مرۆیی بەرەو لای دۆخێکی نائۆرگانی(نازیندوو) ببەن. سەرچاوە:« پێشەکی لەوئەودیو پرەنسیپی چێژەوە، وەرگێرانی: وەلید عومەر»

[27] Uncanny: ئەم زاراوەیە لە زمانی ئەڵمانیدا بەواتای «نیگەرانکەر و دڵەراوکێساز دێت» و ئاماژەیە بە شتێکی تەواو نامۆ و نائاشنا. فرۆید هات و کردی بە چەمکێکی سەربەخۆ. شتەکە پەیوەندیی بەو هەستانەوە هەیە کە «لە ژیانی واقعی کەسەکە درووستدەبن و زادەی گرێ چەپێندراوەکانی سەردەمی منداڵیی ئەون کە بەهۆی ڕووداوێکی دەرەکییەوە زیندووبوونەتەوە. «سەرچاوە: فەرهەنگی شرۆڤەیی فرۆید، وەرگێران و ئامادەکردنی: وەلید عومەر»

کە ڕەنـــگە بۆماوەییـــانە لە سرووشـــتی غەریزەکانـــدا نیشـــتەجێ بـــن، ناچـــارییەک، هێنـــدە بەهێـــزە کە ڕێسـامەندی پرەنسـیپی چێـژ[28] تێـدەپەڕێنێت، ڕەهەنـدێکی تـر لەبـــۆ ســـنووریداری عەقڵـــی ســـەربار دەکـــات[29]، خەســـڵەتە ئەهـــریمەنیەکەی. ... هەرچۆنێـک بێـت بەهـۆی دووبـارەکردنەوەی ناچـارییەوە تێـیدەگەین کە وەکـو غەریـــبە دەردەکەوێـــت»(p. 238). بە دەقیقـــی، ئەوە چـــی شـــتێکە دووبـــارەدەبێتەوە و شـــوێنەواری غەریـــبە، دەخولقێنێـــت؟ ئەو وەڵامەکەی فرۆیـــد پێشکەشـــمان دەکـــات ئەمەیە: «هەمـــوو بیروبۆچـــوونێکی جـــادوویی و بەهێـــز[30] کە قایلمـــان دەکـــات لە دۆخـــی دەستەوەســـانی و نامانەوێـــت دەســـتبەرداری بـــین. ئەوەی وەکـــو غەریـــبە بۆمـــان دەردەکەوێـــت، فەنتازیا/ئـــارەزووە جادووییـــانە وا نامەنەوێـــت دەســـتبەرداری بـــین. لەگەڵ ئەوەشـــدا، ئەگەر بـــۆ مـــاوەیەکی زۆر، هەڵگـــری ئەم ئـــارەزووە نارسیســـتییانە بـــین و بە هەڵە ئەم فەنتازیا/ئـــارەزووانە،

---

[28] Pleasure principle: یەکـــێکە لە «دوو پرەنســـیپەکەی کـــارکردی دەروونـــی». واتە دەروونـــی مـــرۆڤ دوو پرەنســـیپی هەیە کـــاری پـــێ دەکـــات کە بـــریتین **پرەنســـیپی چێـــژ و پرەنســـیپی واقیـــع**. پرەنســـیپی چێـــژ، بنچینەیتـــرە چـــونکە ســـایکۆلۆژیای مـــرۆڤ وا هەڵکەوتـــووە کە بەپێـــی ئەم پرەنســـیپە بجـــووڵێتەوە و هەریەکە لە چێـــژ و خۆشـــی و ژان و ناخۆشـــی ڕێکخـــات. بەپێـــی پرەنســـی چێـــژلە کۆئەنـــدامی دەروونیـــی مرۆڤـــدا، چێـــژ بـــریتییە لە کەمبـــوونەوەی بـــڕی ورووژان و گـــرژی، ژانـــیش بـــریتییە لە بەرزبـــوونەوەی بـــڕی ورووژان.:« پێشەکی لەودیو پرەنسیپی چێژەوە، وەرگێرانی: وەلید عومەر»

[29] پانتـــاییەکی تـــری زەینـــی و دەروونـــی دەخوڵقێنێـــت بـــۆ بەدیهێنـــانی ئارەزووەکـــان، ئەم پانتـــاییە ئـــارەزووی ئەوەدەکـــات، گـــرژی نزیـــک بکـــاتەوە بـــۆ ســـفر، مـــرۆڤ بگەڕێنێـــتەوە بـــۆ ســـرەوتنی هەمیشـــەیی کە مەرگە، ئەمەش لەرێـــی هەڵتەکانـــدنی ئیگـــۆوە، مەیســـەر دەبێـــت، فرۆیـــد ناویـــدەنێت «ئەودیـــو پرەنســـی چێـــژ». بەڵام لە جیاتی گەیشتن بە مەرگ مرۆڤ دەگات بە ژوویسانس(چێژ ژان).

[30] وەک : تـــرس لە تـــاریکی، هەبـــوونی ســـام بەرامـــبەر تەنیـــایی، جنـــۆکە و پەری، خێـــو و تارمـــایی و ئەنواوئەشـــکاڵ دیـــاردە کە لە فـــیلمە ترســـناکەکاندا بـــۆ ترســـاندنی بیـــنەر بەکـــاردێن، دەرکەوتەکـــانی ســـەر بە جمـــک، دووبـــارەکردنەوەی بـــێ ویســـتانە و چاوپیســـی. خـــاڵی هاوبەشـــی هەمـــوو ئەم دیـــاردانە لەوەدایە کە ئیگـــۆ لەوپەری نزیکـــی لەگەڵ خۆیـــدا، کتـــوپر خـــۆی لە شـــێوەی بـــوونەوەرێکی تەواو بێگـــانەدا دەبینێـــتەوە. «فەرهەنگی شرۆڤەیی فرۆید، وەرگێران و ئامادەکردنی: وەلید عومەر»

وەک حەقیقەت وەربگرین، جارێکی تر، یاری بە ئیمکانی خود-وێرانکردنی[31] خۆمانەوە دەکەین. بە هەڵە وەرگرتنی (ئارەزووە غەریبە)ییەکان وەک حەقیقەت، خۆمان دەخەینە مەترسییەوە، وەکو پێکەنینە بەردەوام و نەگۆڕەکەی (دۆڵ ئۆلیمپیا) لە چیرۆکی پیاوی لمین. لە "لەودیو پرەنسیپی چێژەوە"(1920)، فرۆید گەیشت بە دابەشکارییە فراوانەکەی، پاڵنەرەکانی مەرگ و ئیرۆس. پێشکەوتنە تیۆرییەکەی بەم شێوەیە ڕووندەکاتەوە: «گەیشتین بە زانینی ئەوەی، پاڵنەرە سێکسییەکان چین لە پەیوەندییان بە سێکس و فرمانی وەچەخستنەوەوە. ئەم سیستەمە زاراوەییە [پاڵنەرە سێکسییەکان]مان پاراست لە پاش ئەوەی دەرەنجامەکانی دەروونشیکاری ناچاریکردین، بەوەی پەیوەندییەکی کەمتریان بە وەچەخستنەوەوە هەیە. لەگەڵ گریمانەی لیبیدۆی نارسیستی و فراوانبوونی چەمکی لیبیدۆ بۆ نێو خانەکانی تاکەکەس، پاڵنەرە سێکسییەکان دەگۆڕێن بۆ ئیرۆس کە هەوڵی کۆبوونەوە و یەکخستنی هێز دەدات لەنێو پێکهاتەکانی مادەی زیندوودا. (ئەوەی بە پاڵنەرە سێکسییەکان ناسراوە وەک بەشێک لە ئیرۆس، دەبینرێت)[32] کە ئاراستەی ئۆبێکت دەکرێت. خەملاندنە تیۆرییەکانی ئێمە پێشنیاری ئەوە دەکات کە ئیرۆس چالاک دەبێت لەسەرەتایی ژیانەوە و وەک پاڵنەرەکانی ژیان، دەردەکەوێت لە بەرامبەری پاڵنەری مەرگ کە دێتە

---

[31] کاتێک غەریبە وەک چەپێنراوێک دەگەرێتەوە، ئیگۆ تووشی نایەکانگیری دەکەوێت. وەکبڵێی، ئێمە بۆ ساتێک بەر دۆخە بێگیانیەکەمان دەکەوین کە ڕۆژێک لە ڕۆژان بێ ئەوەی تیا ژیابین، هەستدەکەین تیا ژیاوین. « فەرهەنگی شرۆڤەیی فرۆید، وەرگێران و ئامادەکردنی: وەلید عومەر»

[32] پاڵنەرەکانی ژیان و پاڵنەرە سێکسییەکان یەکێک نین «چونکە پالنەرە سێکسیەکان ئاماژەن بۆشتێک لە ژیانیدا کە زیاتر(یان کەمترە)ـە لە (تەنیا و تەنیا) ژیان». واتە پاڵنەرە سێکسییەکانی مرۆڤ بۆیە یەکسان نین بە ژیان، چونکە دەقاودەق ناتوانن سەر بە ژیان بن لەبەر ئەوەی ژیان خۆی لادانێکە لە مەرگ. سێکسوالیتە وەک ڕازێکی بێڕاز دەمێنێتەوە. «پاشکۆی وەرگێر، لەودیو پرەنسیپی چێژەوە، وەرگێرانی: وەلید عومەر»

بوونەوە، (بە هێنانی مادەی نائۆرگانی بۆ نێو ژیان)[33](p.60)». فرۆید جەخت لەسەر دووبارەکردنەوەی ناچاری[34] و ئەو تێگەیشتنە دەکاتەوە کە چێژێک هەیە دەکەوێتە ئەودیو پرەنسیپی چێژەوە. ئەو هێزەی دەکەوێتە ئەودیو پرەنسیپی چێژەوە، مکوڕە لە گەڕانەوەی "دۆخی سەرەتایی شتەکان"- مەبەستی فرۆید گەڕانەوەیە بۆ دۆخی نائۆرگانی(p. 57).« ئەوە دووبارەکردنەوەی ناچارییە کە بۆ یەکەمجار، بردینیە سەر ڕێرەوی پاڵنەری مەرگ»(p. 56). لێرەدا فرۆید بۆ یەکەمجار درکی بەوەکرد کە ماسۆشیزمی سەرەتایی، کارایە و ئەو پاڵنەرەی کە لە ئۆبێکتەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئیگۆ[پاڵنەرەکانی ئیگۆ]، ڕەنگە پێشی ئەو پاڵنەرە بداتەوە وا لە ئیگۆ-وە ئاراستەی دەگۆرێت بەرەو ئۆبێکت[پاڵنەرە سێکسییەکان]. لەو سیاقەدا، فرۆید ئیقتیباس لە (سابین سپیرلین) وەردەگرێت، کە کاریگەرترین ڕۆڵی هەبووە لە درککردن بەوەی هاندەر(ئەنگێز[35])ـە وێرانکەرەکان. بەشێکی گرنگی هاندەر(پاڵنەر)ی داهێنان، پێکدێنن، تا ئەو ڕادەیەی کە کردەی بنیاتنان لە کردەی وێرانکارییەوە سەرچاوەدەگرێت و ناتوانرێت، لێک جودا بکرێنەوە (spielrein,1912). لە کۆتا فەسڵی "لەودیو پرەنسیپی چێژەوە"

---

[33] فرۆید سەرباری خەملاندنە فەلسەفییەکەی، دەیەوێت بنەڕەتێکی بایۆلۆژی بنیاتبنێت بۆ پاڵنەری مەرگ، مەبەستی لە ژیان، خانەکانە کە زیندوویەتییەکی ئۆرگانییان تێدایە، تۆوەخانەکانیش نەمرن چونکە بنەڕەتی بایلۆژیین بۆ سێکس و وەچەخستنەوە.

[34] فرۆید کۆمەڵێک نموونە دێنێتەوە بۆ ئەوەی دووبارەبوونەوە ڕوونبکاتەوە، بۆ وێنە کاتێک کەسێک هەمیشە یەک جۆر کۆتایی بۆ پەیوەندییە سۆزدارییەکانی ئەزموونەکاتەوە یان دەسەڵاتدارێک کە هەمیشە کەسێک بەرزدەکاتەوە و پاشان هەر خۆی دەیدات بە زەوییدا. مۆدێلە بنەرەتییەکەی فرۆید بۆ دووبارەبوونەوە، نموونەی ئەو منداڵەیە وا بەکرەیەکی داریەنەری پێیە و گەمەیەکی پێ دووبارەدەکاتەوە(گەمەی فۆرت-دا، یان ڕۆیشتووە ئەوەتا). « پێشەکی لەودیو پرەنسیپی چێژەوە، وەرگێرانی: وەلید عومەر»

[35] impulse: ئەنگێزە و هاندەر و بزوێنەر و هتد، کۆمەڵێک ناون بۆ ئەو هێزە کتوپڕ و توندانە بەکاردەهێنرێن کە لە نەست و ئید-ەوە، سەرچاوە دەگرن و لە کارەکانی فرۆید بەردەوەم دووبارە دەبنەوە. پەراوێزی دەروازەیەک بۆ خودئەڤینی(نەرجسیەت)، وەرگێرانی: وەلید عومەر

فرۆیـد، هەنـدێ ڕسـتەی زۆر رادیکـاڵ، لەبـارەی پـاڵنەری مەرگەوە دەردەبڕێـت، دواتـریش لە " ئیـد و ئیگـۆ[36]"دا درێـژەی دەداتـێ. وی دەبێژیـت: «ڕاسـتییەکی گرنگـی دیـکە ئەوەیە پاڵنەرەکـانی ژیـان، لێکخشـانێکی زۆر زیاتریـان بە درکە ناوەکییەکـانەوە هەیە- وەکـو تێکـدەری ئـارامییش دەردەکەون و بەردەوام کۆمەڵێـک گـرژی دێننەبـوون کە لابردنیـان یەکسـانە بە هەسـتی چێـژ. لە کاتێکـدا وادەردەکەوێـت پاڵنەرەکـانی مەرگ کـاری خۆیـان بەبێـدەنگی ئەنجامـدەدەن»(1920p.63). لە "ئیـد و ئیگـۆ"، فرۆیـد بەردەوام دەبێـت لە پـوختکردنەوەی ئایـدیاکانی و وەسـفی پـاڵنەری مەرگ دەکـات وەک "کپبـوون" و ڕەپتیـدەکاتەوە بە مالیخۆلیـاوە، لەکاتێکـدا «غەڵـبە غەڵبـی ژیـان، بەشـی زۆری لە ئیرۆسـەوە، سـەرچاوەدەگرێت»(Ibid ,p.46). پـاڵنەری مەرگ زیـاتر ئامانجـدار دەبێـت لە بیـری فرۆیـد،[پاڵنەری مەرگ] دەسـت کـراوەیە لە پشـتەوەی شـانۆگێرانی سـوپەرئیگۆ-وە، کە ئێسـتا "وەک شـوێنی کۆبـوونەوەی پـاڵنەری مەرگ" وەسـفدەکرێت. لە پەیوەنـد بە مالیخۆلیـاوە، فرۆیـد تێبینیـی ئەوەی کردبـوو: «پێکهـاتە وێرانکاریەکـان ڕۆدەچـنە نێـو سـوپەرئیگۆوە و هەڵـدەگەڕێنەوە دژ بە ئیگـۆ. بەجۆرێـک دەتـوانین بڵێـین، ئەوەی ئێسـتا ڕکێفـی سـوپەرئیگۆی بەدەسـتە، کەلتـووری پەتـی پـاڵنەری مەرگە و لەڕاسـتییدا، زۆربەی جـار سـەرکەوتووە لە ئاراسـتەکردنی ئیگـۆ بەرەو مەرگ، ئەگەر دواتر[پـاڵنەری مەرگ] نەتوانێـت بەرگـرییەکەی ئیگـۆ تێکبشـکنێت لە کـاتی گونجـاو، ئەوا ڕێـڕەوی خـۆی دەگۆڕێـت بـۆ مانیـا[37]». لە "کێشـەی ئـابوریی ماسۆشـیزم" نەک

---

[36] Id and ego

[37] یـان (شەیداسـەری): چەمکـیکە، فرۆیـد لە دەقـی مـاتەم و مالیخۆلیـا، بەکاریهینـاوە، مانیـا و مالیخۆلیـا، هەردووکیـان پەیوەسـتن بە لەدەسـتدانی نەسـتەکییانەی ئـۆبیکتی ئـارەزوو، لە مالیخۆلیـادا، لەدەسـتدانی ئـۆبیکتی ئـارەزوو، ئیگـۆ هەلدەوەشـینیتەوە، لە مانیـادا. ئیگـۆ زالـدەبیت بەسـەر لەدەسـتدانی ئـۆبیکتی

بەتەنها درێژە دەدات بە بیرۆکەی کەلتوریی پەتیی پاڵنەری مەرگ کە لە سوپەرئیگۆدا نیشتەجیدەبێت، بەڵکو سەرنجدەخاتە سەر ئەوەش کە لەژێر سێبەری ئیگۆدا، خۆی حەشارداوە. وی دەنوسێت: «[...] لیبیدۆ، لەگەڵ پاڵنەری مەرگ یان وێرانکاریی نێو خانەکانی ئۆرگانیزم[38] یەکدەگرێت و ئەرکەکەی، لابردنی ڕەهەندە زیانبەخشەکەی پێکهاتە وێرانکارییەکەیەتی [...] لەڕێی گۆڕینی ڕێڕەوی پاڵنەرەکان تا مەودایەکی فراوان، بەرەو دونیای دەرەوە [...] بەرەو ئۆبێکتەکانی دونیای دەرەوە. دواتر ئەم پاڵنەرانە پێیاندەوترێت پاڵنەری باڵادەستی[39]، ویستی هێز» (1924, p.163).

لەگەڵ ئەوەش، لیرەدا فرۆید پێچێکی سەرنجڕاکێش لێدەدات و سوورە لەسەر ئەوەی کە: «بەشێکی دیکە لە پاڵنەرەکان، بەشداری ناکەن لە گواستنەوەی لەبۆ دەرەوە، لەناوەوەی ئۆرگانیزم دەمێنێتەوە و بەهۆی ئەو هەماهەنگییەی کە دەیبەستێتەوە بە وروژان [...] بەشێوەیەکی لیبیدۆمەندانە، پەیوەست دەبێت بە ناوەوە[40]. لەم بەشەیە کە پێویستە ماسۆشیزمی ڕەسەن، ئیرۆتیکی بناسینەوە» (Ibid, p.164). **مالیخۆلیا وەک نموونەیەک دەکەوێتەوە بۆ پرۆسەی ماسۆشییانەی کارکردنی ناوەکی پاڵنەری مەرگ، لەبەر ئەوەی سادیزمی سوپەرئیگۆ و ماسۆشیزمی ئیگۆ، هێزیان یەکدەخەن، یەکتری تەواودەکەن و یەکێتییەک درووستدەکەن، دژی کاریگەری جیهانی دەرەوە.**

---

لەدەستچو و ئەو (ماتەمینی)ـیەی کە بەهۆی لەدەستدانەکە، بەسەریهاتبوو، ئەم ئازادبوونە، جۆش و خرۆش و شادییەکی پاتۆلۆژی و نارسیستانە بۆ کەسی مالیخۆلی دەخولقێنێت

[38] بەکارهێنانی ئەم دەستەواژە بایۆلۆژییە، دەرخەری کاریگەریی شۆڕشی زانستی داروینە لەسەر دەروونشیکاری، ئۆرگانیزم دەستەواژەیەکە بۆ ناسنامەی ئاژەڵ بەکاردێت، بەم پێیە، دەروونشیکاری پێیوایە مرۆڤ حەیوانێکی عەقڵانییە

[39] Drive to master

[40] وروژان خەسڵەتی ئیرۆسە، کاتێک دەبەسرێتەوە بە ئیرۆس، خەسڵەتەکانی لیبیدۆیمەندانەی ئیرۆس وەردەگرێت.

دەتوانین ئەم دینامیکە[41] وەسفکەین وەک لەناوبەری ناوەکیی "ئاهەنگگێڕانی عەشق" کە بەرگری لەخۆی دەکات دژ بە هەر دەستوەردانێکی دەرەکی. یان بە وتەی فرۆید: «[...] ڕەنگە پاڵنەری مەرگ کە لە ئۆرگانیزمدا کاردەکات- سادیزمی سەرەتایی- هاوتا دەبێت لەگەڵ ماسۆشیزمدا. پاش ئەوەی بەشە سەرەکییەکەی[ماسۆشیزم]، دەگوازرێتەوە بۆ دەرەوە بەرەو ئۆبێکت، بەشێکی لە ناوەوە دەمێنێتەوە وەک پاشماوەی پاڵنەری مەرگ، بە دەقیقی ماسۆشیزمی ئیرۆتیکی[42]، کە لەلایەک دەبێتە پێکهاتەیەکی لیبیدۆیی و لەلایەکی تر، هێشتا خودی خۆی[ئیگۆ]ی دەکاتە ئۆبێکتی خۆی. ماسۆشیزم دەبێتە بەڵگە و پاشماوەیەک لە قۆناغی گەشەسەندن کە زۆر گرنگە بۆ ژیان، کە پێکەوەبەسترانی پاڵنەری مەرگ و ئیرۆس، تێیدا ڕوودەدات» (Ibid, p.164). کارل ئەبراهام هاوشێوەی بیرنارد تۆبۆول، بیرمان دەخاتەوە، کە ئاگاداربین لە مەودای ئەو چێژەی کە لە پشت دۆخی مالیخۆلیا-وە، نوستووە. لە کارەکەی فرۆید لەبارەی "کێشەی ئابووری ماسۆشیزم"، ئەو فۆرمولەیە پەرەیسەند کە ڕەهەندی وێرانکردنی ژویسانس لەبۆ ڕەتکردنەوەی ئۆبێکت، نیشاندەدات: ژویسانسی وێرانکردنی خود(2013, p.75 وەرگێڕانی: نووسەری بابەت). فرۆید لە "بۆچی جەنگ" کۆتا دەقی کە مشتومڕی پاڵنەری مەرگ دەکات، پێش کۆتا دەربڕینی لە "شیکاری کۆتا و ناکۆتا"، وی جەختدەکاتەوە کە ئیرۆس و تاناتۆس، جیاناکرێنەوە و:«[...]**دیاردەکانی**

---

[41] Dynamic(بزووتنی هێزی دەروونی): یەکێکە لەو سێ دیوە سەرەکییەی وا دەروونشیکاری بۆ پرۆسە دەروونییەکان دایرشتووە، بەو واتایەی کە سەرنج دەخاتە سەر **هێز و گوڕ** و کردەوە دوولایەنەکان لەسەر دەروون. ئەم چەمکە گوزارشتە لە تایبەتمەندی ململانێکارانە و بەرگریکارانەی ئەو کەسەی کە کەوتۆتە ژێر دەسەڵاتی پاڵنەرەکانەوە. دینامیک، کار و کارلێکی نێوان هەریەکە لە ئیگۆ و ئید و سوپەرئیگۆ دەردەخات(یان نەست و ئاگایی و پێشئاگایی). «سەرچاوە: فەرهەنگی شرۆڤەیی فرۆید، وەرگێران و ئامادەکردنی: وەلید عومەر»

[42] erotogenic

**ژیـــان لە کـــارکردنی هاوکـــات یـــان دژیەکـــی دوولایەنەی هەردووکیـــانەوە، پەیـــدادەبێت »**. وی ئـــارگومێنتی ئەوە دەهێنێـــتەوە کە «پاڵنەرەکـــان[...] بە جیـا لەیەکتـری کـار نـاکەن و پاڵنەرەکـانی خۆپاراسـتن، تایبەتمەنـدی ئیرۆتیکی‌یـان هەیە، لەگەڵ ئەوەشـــدا کانگـــای شـــەڕەنگێزییە بـــۆ بەدیهێنـــانی ئامـــانجەکەی. کەوایە پـــاڵنەری عەشـــق، کاتێـــک ئاراســـتەی ئۆبێکـــت دەکرێـــت، پێویســـتی بە بەشــــــداریی پــــــاڵنەری باڵادەســــــتی دەبێــــــت، بەهەر شــــــێوەیەک کە (دەستبەسـەرداگرتنی ئۆبێکـت)ـــی بـۆ بڕەخسـێنێت. دژواریـی جیـاکردنەوەی دوو دەسـتەی پاڵنەرەکـان لە دەرکەوتە ڕاسـتەقینەکەیان، لەڕاسـتییدا، بـۆ مـاوەیەکی زۆر ڕێگربـــوو لە ناســـینیان»(Ibid ,p.210). زۆریـــنەی شـــوێنکەوتووەکانی فرۆیـد، تـێگە جەوهەرییەکەیـان فـام نەکردبـوو، هەرچۆنێـک بێـت، یـان ئەوەتـا خۆیـــان گێـــلکردبـــوو لە پێکەوەیـــی پاڵنەرەکـــانی مەرگ و ژیـــان، یـــان دوو پاڵنەرەکەیـــان جیـــاکردۆتەوە، ڕەهەنـــدە شـــەڕەنگێزییەکەی پـــاڵنەری مەرگیـــان، بەتـایبەت زەق کـردۆتەوە. بـۆ نمـوونە میلانـی کلایـن، پـاڵنەری مەرگـی هێشـتۆتەوە بەڵام تەنیـا بە شـێوەیەکی بنەڕەتـی و بەزۆری تیشـکی خسـتۆتە سـەر سرووشـتە وێرانکـارییەکەی، کە لە غیـرە و چڵێسـی و ئیرەیـی دەردەکەوێـت و هەروەهـا بە بەهێـزی کاردەکـات لە ترسـی لەنـاوبردنی سـەرەتایی و تـۆقینی منـداڵ. پێمـوایە، کلایـن سرووشـتە دووانیـیەکەی پـاڵنەری مەرگ و تێکهەڵکێشـەکەی لەگەڵ ئیـرۆس، فەرامۆشـــکردووە، وەک ئەوەی فرۆیـــدیش دەڵێـــت «هەمەجـــۆریی دیاردەکـــانی ژیانمـان بـۆ ئاشـکرادەکات». «تەنیـا بەهـۆی کـارکردنی هاوکـاتی یـان دژیەکـی دوولایەنەی هەردوو پـاڵنەرەکە- ئیـرۆس و پـاڵنەری مەرگ- هەرگیـز بەیەکێـک یـان بە تەنیـا یەکێکـی تـر، نـاتوانین لێکـدانەوە بکەیـن بـۆ فرەچەشـنی دیاردەکـانی ژیـــان». بەم شـــێوەیە، بەکارهێنـــانی چەمـــکەکە لەلایەن کلایـــن، لە ئـــاڵۆزیی دینـامیکی پـاڵنەری مەرگـی کەمکـردەوە و کـردی بە هێزێکـی وێرانکـاری پەتـی کە

بەشێوەیەکی بنەڕەتی، ئاراستەی ئۆبێکتی دەرەکی دەکرێت. بە پێچەوانەوە، پێم وایە، ژاک لاکان تیۆری پاڵنەری مەرگی بە هەموو ئاڵۆزییەکەیەوە وەرگرت، خەسڵەتە لیبیدۆییەکەی پاڵنەری مەرگی بە هەند وەردەگرت، لای لاکان بوو بە سەرچاوەی چێژوەرگرتن لە وێرانکردنی خود. لاکان، پاڵنەری مەرگی کرد بە چەقی هەموو کارە تیۆری و کلینیکییەکانی. باڵادەستی و دەسەڵاتی پاڵنەری مەرگ و ژیان، لەچەندین نوسراوی لاکاندا، هەستی پێدەکرێت، وەک لە چەمکاندنی **ریاڵ**، ئەوەی کە ناچێتە چوارچێوەی ڕەمزییەوە، یان دووبارە پێناسەکردنەوەی تراوما، **«بەڵام پێم وایە، زۆر بەچڕی لە تیۆری ژویسانسدا دەریدەبڕێت، چێژ/ژانێکە دەکەوێتە ئەودیو سنورەکان و زیادەکەی ئەزموونەدەکرێت وەک زیادەیەکی چێژاوی و ژاناوی، گەڕان بۆ چێژوەرگرتن دەگۆڕێت بۆ چاڵێکی لەبنەهاتووی گرژی و ژان»**[43]. بۆ لاکان خاڵە جەوهەرییەکە، ئەوەیە کە دووبارەکردنەوەی ناچاری کە فرۆید لە "غەریبە" و "لەودیو پرەنسیپی چێژەوە" باسی کردبوو، لە گواستنەوە، سەمپتۆم، دینامیکی دڵەڕاوکێ، دەبینران. لەکاتێکدا، بەتەنها جووڵەی دووبارەبوونەوە، سەنتراڵە لە پرەنسیپی چێژ، ئەوەی لە دووبارەکردنەوەی ناچاری[44]، سەنگی مەحەکە، ئەو

---

[43] Jouissance(ژویسانس): وشەیەکی فەڕەنسییە و لای لاکان بە مانای زێدە-چێژ دێت. واتە دوا سنووری نێوان چێژ و تێپەرین لە چێژە. خۆی ئەزموون ناکرێت بەڵام دەرفەت بۆ درووستبوونی چێژ دەرەخسێنێت. هەرکات سنووری چێژمان بەزاند، ئەوا چێژ دەبێتە ژان. ئەم چەمکە ئاماژەیە بە سنووردارکردنی چێژ. چونکە کەلتوور و شارستانییەت بەرمەبنای سنووردارکردنی چێژ درووستبوونە. پێداگریی ژیژەکیش زیاتر لەسەر ژویسانسە(زیادەچێژ) نەک چێژێکی ئاسایی باو و بەردەست: چونکە چێژ و ژویسانس بە جۆرێک بەیەکەوە بەستراون، ئەگەر زیادەچێژ داشکێنین ئەوا خودی چێژیش لەدەست دەدەین.«سەرچاوە:فەرهەنگۆکی ئۆبێکتی باڵای ئایدۆلۆژیا، پێشەکی لەودیو پرەنسیپی چێژەوە، وەرگێرانی: وەلید عومەر»

[44] وەک خۆم پێموایە دووبارەبوونەوە خۆی ناوی دوودڵیەکی مێتاسیکۆلۆژی و بگرە ئۆنتۆلۆژییشە کە ژیان دوو دڵە لەوەی هەیە یان هەبێت. ئەو نەخۆشی و گرییانەشی کە لە ژیاندا بەسەر مرۆڤدا دێن کە لە ژیاندا بەسەر مرۆڤدا دێن، ناوی جۆرێک لە کاتمەندین کە دەیانەوێت بگەرێنەوە بۆ دۆخی ناکاتمەندی

دەسەڵاتە ئەهریمەنەیە کە سنووری پرەنسیپی چێژ، دەبەزێنێت، دەچێتە ئەودیویەوە و بۆ چێژێکی بەژان دەگەڕێت، بەزۆری دەبێتە چێژێکی خود وێرانکار لەبۆ مەرامەکەی. ڕەنگە، ژویسانسی لاکان، پەیوەندییەکی زۆر نزیکی هەبێت بە ماسۆشیزمی ئیرۆتیکی فرۆیدەوە، وەک ئەوەی باسی کردبوو لە "کێشەی ئابوریی ماسۆشیزم" کاتێک دەنوسێت: «تەنانەت خۆلەناوبردنی سوبێکتیش، بەبێ تێربوونی لیبیدۆیی، ڕوونادات»(Ibid, p.170). لاکان بیرکۆیی خۆی لە جەختکردنەوە لەسەر مەرگ گواستەوە بۆ تیشکخستنە سەر سرووشتە ناچارییەکەی ژویسانس کە هاوسەنگیی خۆی تێک دەدات دژ بە ئارەزوو و شۆڕدەبێتەوە بە نێو چێژ و ناچێژ(ژان)، ئازارچەشتن و مەستی. ئەو چیتر پێویستی بە جیاوازیکردن نەبوو لە نێوان چێژ و ناچێژ(ژان)، چونکە هەردووکیان لە کارکردنی ژویسانسدا تێکەڵدەبن. «ئەم پێچلێدانە لە کارەکانی لاکاندا، شتێکی جەوهەرییە، چونکە چیتر، جیاوازییەکی سادە ڕوون ناخاتە نێوان چێژ و ژان، نێوان پاڵنەری مەرگ و ژیان»[45]، لەجیاتیی ئەوە، جەخت لەو بیرۆکەیە دەکاتەوە کە پاڵنەری مەرگ لەو کەوڵە دەرەکییەدا خۆی دەردەخات وا ئالوودەی چێژوەرگرتنە لە ژان. لەگەڵ دەقی "لەودیو پرەنسیپی چێژەوە"، هەردوو مشتومڕی تیۆری و کلینیکی، گۆڕانی بەسەرا دێت، چونکە دیاردەکانی وەک کاردانەوەی نێگەتیڤ بەڕووی چارەسەری،

و سرەوت- بەڵام بە پێچێکی ئاڵۆزترەوە.«نووسینی: وەلید عومەر، سەرچاوە: پاشکۆی لەودیو پرەنسیپی چێژ»

[45] فرۆید باسی ململانێی پۆزەتیڤانە و ڕوونی نێوان دوو پاڵنەری سەرەکی ناکات کە بەرامبەر یەک وەستابن و لەکێبرکێدا بن، بەڵکو بەشێوەیەکی پێچەڵپێچ لە نێو یەکدا نیشتەجێن و لەوپەریشیدا ئەولەویەتەکە هەر بۆ مەرگە. هیچکام لە پاڵنەرەکانی ژیان و مەرگیش بۆ ئەوە نین ژیان بهێڵنەوە، بەڵکو یەکەمیان بۆ هێشتنەوەی ڕێڕەوەکانی خۆیەتی کە لە مەرگ دوورکەوتووەتەوە و دووەمیشیان گەڕانەوەیە بۆ وەستاوی و سرەوت واتە ژیان لە کۆدا دەبێتە پڕۆسەیەکی لارەولار و پێچلێدەر و بەرگریکردن لەم پێچانە بۆ ئەوەی هەروا ئاسان نەچێتەوە سەر سرەوتی مەرگ.« پاشکۆی لەودیو پرەنسیپی چێژەوە، وەرگێرانی: وەلید عومەر»

ماسۆشیزم، هیچنەخواردن[46]، ئالوودەبوون و دووبارەکردنەوەی تراوماکان، دەرخەری ئەوەن کە هێزێکی کاریگەر لە نەستدا کارایە کە فرۆید پێی دەڵێت “ئەهریمەنی” و لاکان پێناسەی دەکات بە "ژویسانس" کە بەدوای بەدەستهێنانی چێژەوەیە بەهەر نرخێک بێت، گرنگ نییە لای لاکان بوو بە سەرچاوەی چێژ لە وێرانکردنی خود ڕێگای بەدەستهێنانەکەی چەنێک ئازاربەخش، ژانهێنەر، یان دڵخۆشکەر بێت. لە کاتێکدا لاکان لەسەرەتادا، (چەمکاندن)ی بۆ سەمپتۆم دەکرد وەک دیاردەیەکی زمانەوانیی ڕووت، نامەیەک کە لەسەر جەستە هەڵکۆڵراوە، ئامادەیی تێدایە بۆ کردنەوەی کۆدی هێماکانی لەلایەن ئەویترەوە، وی درکی کردبوو، بەشوێنکەوتنی ڕێگەکەی فرۆید، کە سەمپتۆمە جەستەییەکان، بە ئاسانی لەنێوناچن، بەڵکو لەجیاتی ئەوە، سەرسەختانە خۆیان دەخزێننە نێو وشەکان. ئەم درککردنەی لاکان، دەبێتە هۆی پێناسەکردنی ژویسانس، وەک زێدە (چێژ/ژان)ێک کە لە کرۆکی هەموو سەمپتۆمێکدا نووستووە. هەموو سوبێکتێک بەقووڵی پەیوەستە بە سەمپتۆمەکەی یان گیرۆدەبوونەکەی، چونکە ئەوە سەمپتۆمە کە دەبێتە سەرچاوەی خود-ئیرۆتیکی/ خۆپاراستن و سەرچاوەیەکی نەستەکیی مرۆک بۆ چێژێکی ژاناوی کە سوبێکت دوودڵ دەبێت بۆ قوربانیدان لەپێناوی. **هەموو قەدەغەیەک، هەموو سنوورێک، ئارەزوویەک درووستدەکات بۆ یاساشکێنی، بە بێ یاسا، ئارەزوو بوونی نابێت. بەم پێیە ژویسانس، هێزێکە هەمیشە پەیوەستە بە یاساشکێنی، بە بێ گوێدانە ئەوەی دەرئەنجامەکەی چی دەبێت.** بە گوێرەی دیلان ئیڤانز: «پاڵنەری مەرگ، ناوێکە لەبۆ ئارەزوویەکی بەردەوام و نەبڕاوە لە سوبێکتدا بۆ بەزاندنی سنووری پرەنسیپی

[46] anorexia

چێژ»[47] (1996, p.62). «ڕێگای بەرەو مەرگ، هیچی تر نیە جگە لەوەی پێیدەوترێت ژویسانس» (Ibid, p.18). لەکۆتاییدا، دەتوانین ببینین، کە چۆن پاڵنەری مەرگ، لادانێکی سادەیی دەروونشیکاری فرۆید نەبوو، بەڵکو سەلماندی کە چەمکێکە ئاڵۆزییەکی پێش-مێژوویی هەیە و لەگەڵ ئاڵۆزیی مێژوویی پاش- فرۆیدی، بەجۆرێک کە تاکو ئێستا کاریگەریی بەسەر کاری کلینیکی و بیرکردنەوەی تیۆرییەوە هەیە.

## سەرچاوە:

Unexpected Antecedents to the Concept of the Death Drive(A Return to the Beginnings): Jeanne Wolff Bernstein. In Research in Psychoanalysis Volume 28, Issue 2, July 2019.

---

[47] ئەوەی بنەڕەتە و هەمانە، شتی **بێگیانە**، کە بەجۆرێک هەر دەکاتەوە بە پاڵنەری مەرگ. واتە سەرەتا **شتیبێگیان**مان هەیە، بەڵام پاشان ئەم شتی **بێگیانە** توشی جۆرێک لە لەرزین و قڵیش دێت و وەک ڕووداوێکی ڕێکەوت ژیانی لێ دەکەوێتەوە. کە ژیان ڕوودەدات و مادەی بێ گیان تووشی شۆکێک دێت، ئیدی ئەم شۆکە ناوی ژیانە. ئەم شۆکە شتێک نییە بکەوێتە بەرامبەر شتێکی ترەوە کە بێ گیانە، بەڵکو نەفرەتی دۆخە بێغیانەکەشی لە شوێنەوەیە و خۆیشی تازە ناتوانێت ببێتەوە بەو مادە بێگیانەی پێشوو. «پاشکۆی لەودیو پرەنسیپی چێژەوە، وەرگێرانی: وەلید عومەر»